# پەڕ بەسەر بوونی کوردان

**فەرامەرز ئاغابەیگی**
**(یەزد)**

## ئاماژە

دوو بەشی وتاری «پەڕ بەسەر بوونی کوردان»، پێشتر لە دوو ژمارەی ٢٠٩ و ٢٢٣ی گۆڤاری ڕاماندا بڵاو بوونەتەوە؛ هەر لەم پێوەندییەدا دوای کەنەوە و موتاڵای سەرچاوەکان، دیسان بە چەند دەستەوشەی دیکە گەیشتم کە هێنانەوەیان بێ گومان تیشکی زیاتر دەخاتە سەر بابەتەکە و ئێمە لەگەڵ بەکارهێنانی دەستەوشەکە زیاتر ئاشنا دەکەن. ئەم هاوپێچە بریتییە لە سێ بەش: (١)ماناکانی جۆراوجۆری دەستەوشەی پەڕ بەسەر (٢)جۆری پەڕی مێزەری کوردان (٣)پەڕ وەک بەشێک لە جلوبەرگ لە کاتی بەرەنگاربوونەوەدا.

**١- ماناکانی جۆراوجۆری دەستەوشەی پەڕ بەسەر**
**ئەلف) بە مانای ئازا و بەجەرگ:**

لە بەیتی مەم و زیندا، کاتێ قەرەتاژدین بەگ قەرارە بچێ بۆ ئەستاندنی خەرج و تەدارەک لە عێلی ڕەمکی و مامکی(بەپێی تەگبیری بەکر، تا خاتوو زین لە کاکەمەم مارە بکرێ)، حەوسەت سواری لەگەڵ دەبێ کە بە سێ سیفەت(خەسڵەت) ناودێر کراون:

**حەوسەت کەسی دەگەڵ سوار بوو، هەرچی ئازا و بەجەرگ بوو، هەرچی پەڕ بەسەر بوو** (فەتاحی قازی، ٢٠٠٩: ٧٤).

وێدەچێ لێرەدا "پەڕ بەسەربوون"، هاوواتای (مرادف)ی ئازا و بەجەرگ بێت. ئەم مانایە هەروەها لە بەیتی "ئەحمەدی شەنگ"یش دەبینرێ؛ (کاشماغا بە ئەحمەدی شەنگ دەڵێ):

**زۆر پێشم خۆش بوو کە پەنجا سوارت دەگەڵە و پاکی پەڕ بەسەرە**
**دوژمن لە حاستی تۆ بێ دەسەڵاتە و دەستەونەزەرە** (فەتاحی قازی، ٢٠٠٩: ١٧٤).

هەر لەم بەیتەدا، ئەحمەدی شەنگ کاتێ دەیەوێ بداتە

سـەر "خـان قـۆچی خـانی گـێـلان گـێـسـیـیـان"، بۆ ئەستاندنەوەی ماڵە تالانکراوەکەی، بە دایکی دەڵێ:

**کوتی دایە بۆم بانگی ناڵبەند بکە، ئەگەرچی تازەشم ناڵ لە سمی لەیلکێ داوە**

**چوارپەلی خڕیم چون بکا، چوون ئەورۆ ڕۆژی دڵهێشانە و قەوماوە**

**شەرت بێ ئەگەر کوڕی تۆ نەمرێ، بڵێین: بە زیندەگانی لە دنیایەدا ماوە**

**ئەو تالان و ماڵە ئیشەڵلا دەگێڕمەوە دواوە.**

**ئەگەر لەگەڵی بێ حەوسەت سواری پەڕ بەسەری فەتاح بەگییە**

**ئەگەر کۆمەگی بن هەزار و پێنج سەت سواری سمێڵ سپی کامەرییە**

**ئەگەر لەگەڵی بن حەوسەت گەردن کەچی ئاور بە دەستی عەسڵە زاخۆییە** (فەتاحی قازی، ٢٠٠٩: ١٩٨-١٩٩).

لەم بەندەشدا دەستەوشەی "پەڕ بەسەر"، مانای "ئازا" دەبەخشێ. دیسان لە بەیتی ئەحمەدی شەنگدا هاتووە:

**کەفشیر دەردێکی دانێ پەڕ بەسەر نەبوو لە پێشی ڕابووەستێ** (فەتاحی قازی، ٢٠٠٩: ٢٢٩).

**کەفشیر:** کوشندەی ئەحمەدی شەنگ (کوڕی عەبداڵ بەگ و ئاسیەخان/ گوڵان) بوو کە لە ئاخردا بە دەستی کاشماغا (مامی ئەحمەدی شەنگ) دەکوژرێ. مانای "پەڕ بەسەر"؛ سواری ئازا و جەنگاوەرە، هەروەها لەم نموونەیەشدا:

**کێ بێ لە کاشماغا، کاشماغای ساحێب هونەرە**
**زۆر پیاوێکی ساحێب نامووس و ساحێب جەوهەرە**
**پیرێکی توند و گورج و گوڵ و پەڕ بەسەرە** (فەتاحی قازی، ٢٠٠٩: ٢٣١).

لە بەشێکی بەیتی خەج و سیامەندا، ئاوا هاتووە کە «سیامەند لەوان(براکانی خەج) ئازاتر و پەڕ بەسەرتر بوو، خەڵک زۆرتری شەرم لێدەکرد. تەواوی میللەت لێی دەترسا» (فەتاحی قازی، ٢٠٠٩: ١١٢) لەم نموونەیەشدا دەردەکەوێ کە یەکێ لە ماناکانی پەڕ بەسەر، "ئازایەتی" بووە؛ واتە بەجێی ئەوەی بڵێین "فڵانی ئازایە"، دەکرێ لە هاوواتای ئازایەتی کەڵک وەرگرین، بڵێین: "فڵانی پەڕ بەسەرە".

**ب) بەمانای هەڵکەوتوو (هەڵکەوتە):**

**ئەو دەستەی دەگەڵ کاشماغا بوون پاکی وەک شێری بە حونەرە**

**هەمووی پڕیشکەی خوێنی لە سنگیەتی، پاکی کوڕەکوڕە و یەکەیەکە و پەڕ بەسەرە** (فەتاحی قازی، ٢٠٠٩: ٢٣٠).

**ج) بەمانای خۆشحاڵبوون؛ شانازی کردن:**

کاتێ ئەحمەدی شەنگ بە قاسیدا وەڵام بۆ جەواهیر دەنێرێتەوە:

**دەبێ ئازادم کا، دێمە کنی بە عەزمی دڵخۆشی و ئازادییە**

**چون لە مێژە بێ خەبەرم و ئاگام لە حاڵ و باڵی جەواهیر نییە**

**کارم لەو چەرخە کۆنەدا بوو بەڵکو ئی ڕۆژی دڵهێشان و ئی دوژمنایەتییە**

**ئەو سەعاتە پەڕ بەسەرم، لە من وایە دوژمن لە حاڵی حەیاتدا نییە** (فەتاحی قازی، ٢٠٠٩: ١٩٦).

دەستەوشەی "پەڕ بەسەر" لەم بەندەی سەرەوە لە بەیتی ئەحمەدی شەنگ، مانای شانازی کردن/خۆشحاڵبوون دەدا؛ ئەو سەعاتە شانازی دەکەم/خۆشحاڵم کە...تاد. هەڵبەت ئەو مانایەشی لێ هەڵدەکرێ: ئێستاکە "خاوەن دەستەڵاتم"... تاد.

**د) بەمانای لەخۆبایی (مغرور):**

وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ، وا دیارە پەڕ بەسەربوون تایبەتی پیاو نەبووە، یان لانی کەم دەستەوشەکەیان بۆ ژنیش بەکار هێناوە. لە بەیتی ئەحمەدی شەنگدا، لە بەشێکیدا ئاوا هاتووە کە ئەحمەدی شەنگ لە کاتی قسەکردن لەگەڵ جەواهیر(کچی مامی؛ واتە کاشماغا) دەڵێ:

**کیژێ پەڕ بەسەر، گراوێ بابم، بۆچی من بانگم کردی و تۆ گورگاوڕێکت لە من نەداوە**

**سنگت دەڵێی کوپەی هەنگوینە و ڕەواقی شیرنی تێ چڕژاوە**

**مەمکۆڵەت دەڵێی هەنارە و ئێستا هیچ کەس دەستی لێ نەداوە**

**خۆ من تەشەخوسم نایەنێ هەموو کەس بدوێنم، مەیل و ڕوحم و ئەرکانم بە تۆ داوە** (فەتاحی-قازی، ٢٠٠٩: ١٧٠).

هەر وەک دەبینین، وێدەچێ "پەڕ بەسەر" لێرەدا مانای "لەخۆبایی" (مغرور) ببەخشێ.(١)

**٢- جۆری پەڕی مێزەری کوردان:**

بەگوێرەی بەیتی ئەحمەدی شەنگ، لە کاتی سەردانی ئەحمەدی شەنگ(کوڕی عەبداڵ بەگ) لە مامی (کاشماغا؛ نیشتەجێ لە دیانان)، پەنجا کەسی دەگەڵ

بوو كە «پاكی سەقاوی(٢) زێڕ بوو، پاكی پەڕی تاوسی بە سەرەوە بوو» (فەتاحی قازی، ٢٠٠٩: ١٦٨).

لەم نموونەیەشدا لە كاتێ جەواهیر، بانگی ئەحمەدی شەنگ دەكا، جۆری پەڕی سەر، "پەڕی تاوس" ناو براوە:

**سوارەكەی نازانم نە میرە و نە بەگلەرە**
**پەنجا كەست دەگەڵن هێندێكیان تەتەرن، هێندێكیان پێیان دەڵێن نۆكەرە**
**نۆكەر لە كن ئاغای خۆی دایە دەزنەزەرە**
**هەمووی پۆڕی بەڵەكن، پەڕی تاوس و لەسەرە**
**لە بەرانبەر دوژمنی خۆت قەت نەبی مەحكووم و سەر لە بەرە**
**سواری وەک تۆم نەدیوە، هێندێک دەڵێن فەرامەرزی سپاسالارە،**
**هێندێكیش دەڵێن برزوی شێر هەژدەرە**
**هێندێک دەڵێن بێژەنی دێوبەندە، وا گۆ لە مەیدان دەركەرە**
**میوانی كاشماغا دەبی ئەو حەلە دەزانی باس چییە لەگەڵ خەبەرە** (فەتاحی قازی، ٢٠٠٩: ١٧١).

بێجگە لە پەڕی تاوس، پەڕی تریش بەكار هاتووە؛ لە بەیتی شۆڕمەحموود و مەرزینگان، لە شوێنێكدا ئاماژە بە "پەڕی شەهێن"، كراوە (فەتاحی قازی، ١٣٤٨: ٦٧). كاتێ ڕیچ، بەرەو شوێنی نیشتەجێی سەرۆكی عێلی جاف كەیخەسرەو بەگ دەچێ، لە پێشدا چوار كەس لە نزیكانی كەیخەسرەو بەگ دەبینێ كە لە بارەیانەوە دەڵێ: «پیاوانێكی ڕواڵەت جوان و سوارگەلێكی كارامە بوون. لە مێزەرەكانیان پەڕی شاهۆیان (بۆتیمار) چەقاندبوو» (ڕیچ، ١٣٩٦: ١٦٣).

### ٣- "پەڕ" وەک بەشێک لە جلوبەرگ لە كاتی بەرەنگاربوونەوەدا:

لە بەیتی "دمدم"دا كە گێڕانەوەی شەڕی خانی موكری (خانی لەپزێڕین) لەگەڵ شا عەباسە، "پەڕ لە سەردان" بە یەكێ لە پاژەكانی جلوبەرگی شەڕ بە ئەژمار هاتووە؛ ئەم نموونانەی خوارەوە سەلمێنەری ئەم بابەتەیە:

**دا بكەین مەحتێ خانانە**
**ماینیان حەدوودی كەحلانە**
**كوێتێ قاپ ڕەش، بێ نیشانە**
**بۆزی تەنكی كەفەڵ پانە**
**ڕمبیان هەژدە قەف جۆڵلانە**
**مەتاڵی سوور، حەیزەرانە**
**زرێی داودیان لە ملانە**
**كڵاوزرێی زێڕ نیشانە**
**پەڕ لە سەریان بای لێدانە**
**پاتۆڵ و چەكمە و ساتانە**
**پێیان نان دە ئاوزەنگیانە**
**سوار بوون لە خانەی زینانە** (گەنجی سەر بەمۆر، ٢٠١٣: ٥٠-٥١)

*

**خانی دەگۆتە كوڕێ خۆ**
**لە سەرت بدە پەڕێ خۆ(٣)**
**سبەی دابچینە شەڕێ خۆ** (گەنجی سەر بەمۆر، ٢٠١٣: ٦٨)

**پەراوێزەكان:**

**١- لە كتێبی امثال و حكم (گردەوەكۆیی قادر فەتاحی قازی) مانایەكی تر بۆ "پەڕ بەسەر"، لێک دراوەتەوە: «پەڕ بەسەری قادراغای: بریتییە لە منداڵێكی نازدار و زۆر خۆشەویست؛ مەبەست سوارەكانی قادراغایە كە زۆر بە جیلوە و شكۆ بوون، پەڕی گرانبایییان لە كڵاوی خۆیان دەدا. قادراغا كوڕی عەباس ئاغای دێبوكری بووە» (امثال و حكم، ١٣٦٤: ٨٥).**

**٢- لەمەڕ مانای "سەقاو" قادر فەتاحی قازی دەنووسێ: دەبێ مەبەستی مامزە بێ. «مامزە، ئاسنێكە لە پاش پانیەی چەكمە قایم دەكرێ، نووكی تیژی هەیە، لە تەرادی ئەسپ دەدرێ بۆ لێخوڕین» (هەنبانەبۆرینە: ٧٩٦؛ فەتاحی قازی، ٢٠٠٩: ١٨١).**

**٣- لە شرۆڤەی "لە سەرت بدە پەڕێ خۆ"، ئەحمەد بەحری دەنووسێ: «پەڕ لە سەردان، جۆرێ زاكوون و غیرەتی داوە بە جەنگاوەران و ورەی بەرانبەری دادەبەزاند» (گەنجی سەر بەمۆر، ٢٠١٣: ٣٠٥).**

**سەرچاوە:**

**١- بەحری، ئەحمەد (٢٠١٣). گەنجی سەر بەمۆر، هەولێر: بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی.**

**٢- ریچ، كلودیوس جیمز (١٣٩٦). سفرنامەی كلودیوس جیمز، ترجمه و تعلیق حسن جاف، بەكوشش و تصحیح فرامرز آقابیگی، تهران: انتشارات ایرانشناسی.**

**٣- فەتاحی قازی، قادر (٢٠٠٩). سێ بەیتی فۆلكلۆریک(مەم و زین، خەج و سیامەند، ئەحمەدی شەنگ)، هەولێر: بڵاوكراوەی ئاراس.**

**٤- فەتاحی قازی، قادر (١٣٤٨). هەڵبەستەی كوردی شۆڕمەحموود و مەرزینگان (دەقی كوردی لەگەڵ وەرگێرانی بە فارسی)، چ یەكەم، تەوریز: دەزگای چاپەمەنی مێژوو و فەرهەنگی ئێران (انتشارات موسسەی تاریخ و فرهنگ ایران).**

**٥- فەتاحی قازی، قادر (١٣٦٤). امثال و حكم كردی، تبریز: انتشارات دانشگاه تبریز.**